# ڕۆڵی شێخ محەمەدی خاڵ
# لەبواری ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا (1939- 1989ز)

پ.د.بەهادین ئەحمەد محەمەد

زانکۆی پۆلیتەکنیکیی سلێمانی / کۆلێژی تەکنیکی کارگێری- بەشی تەکنیکی میدیا

Bahadin.ahmed@spu.edu.iq

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٤/٩/١٥ بەرواری بڵاوکردنەوەی تویژینەوە : ٢٠٢٥/٣/٩

**پوختە:**

کاروانی ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەر لەسەرەتاوە تاوەکو سەردەمی هاوچەرخ بەچەندین قۆناغ و کۆسپ و هەوراز و نشێودا تێپەڕیوە. لەم پێناوەدا زۆر لەنووسەر و ڕووناکبیرانی کورد بەتایبەت مامۆستا و زانایانی ئایینی، پەروەردەی حوجرە و مزگەوت و خوێندنگە ئایینییەکان لەکۆن و نوێدا ڕۆڵ و کاریگەرییان لەپەرەپێدان و پێشخستنییدا هەبووە. یەکێک لەو زانا و کەسێتییە ئایینی و نووسەر و ڕووناکبیرانەی سەدەی ڕابردوو شێخ محەمەدی خاڵ (1904-1989ز.)ە.
ئەم توێژینەوەی بەردەستتان باس لەڕۆڵ و هەوڵەکانی ناوبراو لەبواری ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەنێوان ساڵانی (1939- 1989ز.)دا دەکات. کە لەم پێناوەدا ماوەی نزیکەی 50 ساڵی تەمەنی خۆی تەرخانکردووە بۆ نووسینی کتێب و بەرهەمە هەمەجۆرەکانی کە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی چاپیکردوون. جگە لەنووسینی دەیان وتار و بابەتی ڕۆژنامەنووسی بەهەردوو زمانی ئاماژەپێکراو لەگۆڤارە کوردییەکاندا.
گرنگی توێژینەوەکە ئەوەیە باس لەڕۆڵ و پێگەی شێخ محەمەدی خاڵ لەبواری ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەنێوان ساڵانی (1939- 1989ز.) دا دەکات. لەم سۆنگەیەشەوە ئامانجی توێژینەوەکە هەوڵدانە بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆڵی ناوبراو لەهەردوو بوارەکە لەماوەی دیاریکراودا. میتۆدی بەکارهاتوو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە بریتییە لەمیتۆدی وەسفی و مێژوویی.

**کلیلە وشەکان:** ڕۆڵ، شێخ محەمەدی خاڵ، ڕووناکبیری، ڕۆژنامەنووسیی کوردی

**پێشەکی**

مێژووی ڕووناکبیریی و ڕۆژنامەنووسیی کوردی بەچەندین قۆناغ و سەردەمی جیاوازدا تێپەڕیوە. هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە تاوەکو قۆناغی هاوچەرخی ئەمڕۆی، زۆر نووسەر و ڕووناکبیرو ڕۆژنامەنووس ڕۆڵیان لەپێشخستنی ئەم کاروانەدا هەبووە.
یەکێک لەو نووسەر و وەرگێڕ و ڕووناکبیرو ڕۆژنامەنووسانە (شێخ محەمەدی خاڵ)ە، کە دەیان وتار و بابەتی هەمەجۆری بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەگۆڤارو بڵاوکراوە کوردییەکاندا لەسەدەی ڕابوردوودا بڵاوکردۆتەوە. بۆیە جێی خۆیەتی ئەم توێژینەوە زانستییە سەربەخۆیەی لەسەر بکەین، کەباس لەڕۆڵی ناوبراو لەبواری پێشخستنی ڕووناکبیریی و ڕۆژنامەنووسیی کوردی دەکات لەماوەی (50) ساڵی تەمەنییدا کەلەنێوان ساڵانی (1939- 1989ز.) بڵاوی کردوونەتەوە. جگە لەئاماژەدان بەسەرجەم ئەو کتێب و بەرهەمانەی، کە لەماوەی ژیانییدا نووسیوێتی و چاپ و بڵاوکراوەتەوە. جگە لەو بەرهەم و دەستنووسانەی کە لەدوای خۆی بەهەوڵ و کۆششی کەسوکاری و نووسەرە خەمخۆر و ڕووناکبیرە دڵسۆزەکان کۆکراونەتەوە و چاپکراون.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت؛ کە لەبەشی یەکەمدا باس لەمیتۆدنامەی توێژینەوەکە کراوە لەڕووی خستنەڕووی کێشەی توێژینەوە، گرنگی و بایەخی، ئامانجەکانی میتۆدی بەکارهاتوو...هتد.
بەشی دووەم تایبەتە بە ژیانی تاکەکەسی و ڕۆڵی (شێخ محەمەدی خاڵ) لەبواری پێشخستنی ڕووناکبیریی کوردیدا، کەسەرجەم کتێب و بەرهەمەکانی تێدا باسکراوە.
هەروەها بەشی سێیەم تایبەتە بە دید و تێڕوانینی (شێخ محەمەدی خاڵ) بۆ کار و پیشەی ڕۆژنامەنووسی و، دەستنیشانکردنی ڕۆڵی ناوبراو لەبواری ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا بەوردی وتار و بابەتەکانی تێدا خراوەتەڕوو.
لەکۆتایی توێژینەوەکەدا دەرەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەکان خراوەتەڕوو. جگە لەسەرچاوەکان و ژێدەرەکانی توێژینەوەکە.

**بەشی یەکەم/ میتۆدنامەی توێژینەوەکە:**

**یەکەم/ کێشەی توێژینەوەکە :**

مێژووی نەتەوەی کورد بەگشتی و مێژووی ڕووناکبیریی و ڕۆژنامەنووسی ، هەروەها ژیان و ڕۆڵی کەسێتییە ڕووناکبیرییەکانی جۆرێک لەدابڕان و ناڕوونی و تەمومژ دەورەدراوە. یەکێک لەوانە مامۆستا (شێخ محەمەدی خاڵ)ە، کە لەسەرەتای خوێندنی ئایینی و فەقێیەتی لەحوجرە و مزگەوتی (حاجی شێخ ئەمینی خاڵ)ی باپیرییەوە لە سلێمانی دەستپێکردووە و دوای تەواوکردنی خوێندنی ئایینی و وەرگرتنی ئیجازەنامە، هەر لەهەمان مزگەوتی ناوبراو دەستی بەپیشەی مەلایەتی و تەدریس کردووە. دواتر وازی لەپیشەکەی هێناوە و بۆتە قازی لەدادگاکانی شار و شارۆچکەکانی عێراقدا لەوانە: دادگای سلێمانی، هەڵەبجە، چەمچەماڵ و بەغداد تاوەکو کۆتایی تەمەنی و خانەنشینبوونی لەم پیشەیەیدا ماوەتەوە.
ئەم توێژینەوەیە ڕووناکی دەخاتەسەر ژیانی تاکەکەسی و ڕووناکبیریی ناوبراو، دەرکەوتن و هەڵکەوتنی لەبارودۆخێکی مێژوویی و ژینگەیەکی جوگرافی و ئایینی تایبەت بەبنەماڵەیەکی ئایینی ناودار و جیاواز لەسەدەی ڕابردوودا وەکو ڕاڤەکاری قورئانی پیرۆز و زمانەوان و نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووسێک لەدیدێکی ئەکادیمی و زانستییەوە جێی لێتوێژینەوە و بەدواداچوونی ورد و هەڵوەستە لەسەرکردنە بەتایبەت پاڵپشت بەبەڵگە و زانیاریی و سەرچاوەی باوەڕپێکراو، بۆیە ئەم توێژینەوە زانستییە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕۆڵی ناوبراو لەبواری ڕووناکبیریی و ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا لەنێوان ساڵانی (1939- 1989ز.) دا.

**دووەم / گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە :**

باس لە ڕۆڵی نووسەر و وەرگێڕ و زمانەوان و ڕووناکبیرێکی کورد دەکات، کە ئەویش (شێخ محەمەدی خاڵ)ە. بەتایبەت لەبواری ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا لەسەدەی ڕابردوودا لەهەردوو قۆناغی حوکمی پاشایەتی و کۆماریی لەعێراق و هەرێمی کوردستاندا.

**سێیەم/ ئامانجی توێژینەوەکە:**

1-هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆڵی (شێخ محەمەدی خاڵ) لەبواری فەرهەنگ و ڕووناکبیریی کوردیدا لەڕێگەی خستنەڕووی سەرجەم کتێب و بەرهەمە هەمەجۆرەکانییەوە.
2-دەستنیشانکردنی ڕۆڵی ناوبراو لەبواری پێشخستنی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا .
3-دەستنیشانکردن و پۆلێنکردنی ورد و زانستییانەی سەرجەم وتار و بابەتە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسیەکانی ناوبراو لەڕووی ژمارە و جۆر و ناوەرۆکەوە.

**چوارەم/میتۆدی توێژینەوەکە:**

توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی بەشێوەیەکی زانستی میتۆدی وەسفی ومێژوویی بەکارهێناوە.

**پێنجەم/ بوارەکانی توێژینەوەکە:**

1-بواری شوێن/ عێراق - بەغداد و سلێمانی.
2-بواری کاری/ نێوان ساڵانی (1939- 1989ز.) .
3-بواری مرۆیی/ کەسێتیی (شێخ محەمەدی خاڵ) وەکو نووسەر و ڕۆژنامەنووس.

**شەشەم/ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و سامپڵەکانی :**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە لەجۆری توێژینەوەی نووسراو (مەکتەب)ییە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتییە لەسەرجەم وتار و بابەتەکانی (شێخ محەمەدی خاڵ) کە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەگۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکاندا کە لەماوەی (50) ساڵی تەمەنیدا لەنێوان ساڵانی (1939- 1989ز.) بڵاوی کردوونەتەوە، کە پێک دێت لە ( 66 ) وتاری ڕۆژنامەنووسی .

**حەوتەم/ توێژینەوەکانی پێشوو:**

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بەدەستنیشانکردنی ڕۆڵی (شێخ محەمەدی خاڵ) لەبواری ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا. ئەو توێژینەوانەی، کەپێشتر لەلایەن توێژەرانەوە لەسەر ئەم کەسێتییە ئایینی و ڕووناکبیرە کراوە، زیاتر لە ڕووی هەوڵ و کۆششی (شێخ محەمەدی خاڵ) وەکو ڕاڤەکار (موفەسیر)ی قورئانی پیرۆزەوە بووە وەکو توێژینەوەیەکی زانستی لەڕەهەندێکی ئایینییەوە ، کە تەنیا توێژینەوەی زانستی ئەنجامدراو لەمڕووەوە ماستەرنامەی توێژەر (عومەر عەلی محەمەد بەهادین) بەزمانی عەرەبی بەناوونیشانی (الشیخ محمد الخال مفسرا) لەبەشی خوێندنی ئیسلامی کە پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلیژی شەریعە و خوێندنی ئیسلامیی زانکۆی سەڵاحەدینی لەساڵی 2002 کردووە.

**بەشی دووەم/ ژیاننامە و بەرهەمەکانی شێخ محەمەدی خاڵ و ڕۆڵی لەبواری ڕووناکبیریی کوردیدا**

**دەروازەی یەکەم/ بنەماڵە و ژیاننامەی شێخ محەمەدی خاڵ (1904-1989ز.)**

ناوی شێخ محەمەدە کوڕی شێخ عەلی کوڕی حاجی شێخ ئەمینی خاڵ کوڕی شێخ محەمەدی خاڵی یەکەمە کوڕی مەلا ئیسماعیل کوڕی مەلا مستەفا (خاڵ، 2007، ل14) کە لەدەورانی گواستنەوەی مەڵبەندی بابانەکان لەقەڵاچوالانەوە بۆ شاری سلێمانی و دروستکردنی ئەم شارەدا (1199ک. بەرامبەر بە 1784ز.) قازی بابانەکان بووە. (ئەدهەم، 2018، ل161) کوڕی مەلا شەمسەدین کوڕی مەلا عوسمان کوڕی سەیید مەحمود کوڕی سەیید محەمەد کوڕی سەیید حەسەن ناسراو بە عەللامە مەلا ئەبوبەکری موسەنیف (903-994 کۆچی/ 1494-1585 زایینی)ی چۆڕی شارەزووری گۆرانی نەوەی بایەزید کوڕی سەیید محەمەدی مەدەنی زاهید ناسراو بە (پیرخدری شاهۆ)یە. (خاڵ، 2021، ل299)

مەلا ئەبوبەکری موسەنیف دانەری کتێبی (الوضوح) لەلێکدانەوەی کتێبی (المحرر) ی ئیمامی ڕافیعی لەفیقهی شافیعیدا لە چوار بەرگی گەورەدا. هەروەها دانەری کتێبەکانی (ریاض الخلود، سراج الطريق، الطبقات الشافعية و دەیان کتێبی تر) بەهەردوو زمانی عەرەبی و فارسی بەهۆنراوە و پەخشان. (خاڵ، 2021، ل299)

ئەم بنەماڵە ئایینییە زانستییە ناودارە و خێزانە دێرینە لەسەدان ساڵەوە خزمەتیان بەزانست و ئایین کردووە، هەتا ئێستا بەردەوامن لەخزمەتکردن بەزانست و ئایین و ئەدەب لەباشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کە لەسەرەتاکانی سەدەی دەیەمی کۆچییەوە خاوەنی خوێندنگەی زانستی و کتێبخانەی دەوڵەمەند و بەنرخ بوون، کە (636) دەستنووسی هەمەجۆر و دەگمەنی تێدابووە و مێژوویان بۆ زیاتر لە (350) ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. (خاڵ، ڕۆڤار، ژمارە 29، 2004/4/25، ل3)

مەلا ئەبوبەرکری موسەنیفی باپیرە گەورەیان بەتایبەت لەگوندی (چۆڕ) کە دەکەوێتە (24کم)ی باشووری قەڵای مەریوانەوە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان مزگەوت و حوجرە و مەدرەسەی دامەزراندووە و یەکەم مامۆستای بووە. دواتر مەلا شێخ عوسمانی نەوەی کوڕی سەیید مەحمود مامۆستای بووە. لەدوای ئەو مەلا شەمسەدینی کوڕی مامۆستای بووە خوێندنگەکەی لەگەڵ ناوەندی میرایەتی باباندا بۆ سلێمانی گواستۆتەوە. خوێندنگەکە هەتا شێخ محەمەدی خاڵ لەژیاندا بووە لەناو مزگەوتەکەی باپیریدا (مزگەوتی شێخ ئەمینی خاڵ/1784ز. دروستکراوە) لەگەڕەکی سابوونکەران مابوو، کە لەساڵی (1350ک. -1931ز.) نۆژەنی کردۆتەوە. (خاڵ، 2021، ل300)

شێخ محەمەدی خاڵ لەساڵی (1904ز.) لەشاری سلێمانی لەبنەماڵەیەکی ئایینی ناودار لەدایکبووە. لەتەمەنی (10) ساڵیدا باوکی بەنەخۆشی کۆچی دوایی کردووە، بۆیە باپیری (شێخ ئەمینی خاڵ) خۆی و هەر چوار براکەی دەباتە لای خۆی و بەخێویان دەکات و بژێویان لەئەستۆ دەگرێت. هەر لای خۆی ناوبراو دەخاتە بەرخوێندن و پەروەردەی دەکات. (ئەدهەم، 2018، ل161)

شێخ محەمەدی خاڵ هەر لەمنداڵییەوە هۆگری خوێندن و نووسین بووە، بەشی زۆری خوێندنی لای شێخ عومەری ناسراو بە (ئیبنولقەرەداغی) بووە. هەروەها لای مەلا حسێنی پەسکەندی و شێخ جەلالی قەرەداغیش خوێندوویەتی. کاتێک لەساڵی (1931ز.) باپیری کۆچی دوایی کردووە بەئامادەبوونی (ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ) موتەسەریفی سلێمانی و گەورە کاربەدەستان و پیاوماقووڵانی شار لەئاهەنگێکی گەورەدا بەفەرمی شێخ محەمەدی خاڵ کراوەتە پێشنوێژ و مامۆستای مزگەوتەکەی باپیری. تاوەکو ساڵی (1939ز.) لەو کار و پیشەیەی بەردەوام بووە. لەو ماوەی هەشت ساڵەی وانەوتنەوەییدا، چەندین فەقێ و قوتابی لای ئەو پێگەیشتووە و خوێندنی ئایینیان بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە. هەر لەو ساڵەدا (واتە: ساڵی 1939ز.) چۆتە شاری بەغدادی پایتەخت بۆ ئەنجامدانی تاقییکردنەوەیەک، کە وەزارەتی دادی عێراق بۆ پیشەی قازێتی ڕێکخستبوو. ناوبراو لەو تاقییکردنەوەیەدا بەپلەی یەکەم سەرکەوتووانە دەرچووە، بەفەرمانێکی پادشایی بەقازی دامەزراوە(خاڵ،2007، ل14)، پاشان لەشار و شارۆچکەکانی هەڵەبجە، چەمچەماڵ، سلێمانی، کەرکوک و موسڵ قازێتی کردووە. یەکێک بووە لەقازییە ناودار و شارەزاکانی

عێراق، لەماوەی (28) ساڵی پیشەی قازێتییدا. دواتر لەساڵی (1962ز.) لەناو قازییەکانی عێراقدا هەڵبژێردراوە بەئەندامی دادگای تەمیزی شەرعی لەبەغداد. (ئەدهەم، 2018، ل163) لەم ئەرک و پیشەیەدا ماوە تاوەکو لەساڵی (1967ز.)دا خانەنشیکراوە (خاڵ،2007، ل14).

جگە لەتەدریس و پیشەی قازییەتی، شێخ محەمەدی خاڵ هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە خولیای خوێندنەوە و نووسین بووە، هەر لەساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی بەنووسین کردووە. ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەپاراستنی زمان و وشە و فەرهەنگی کوردی لەڕێگەی وتار و نووسین و چاپکردنی بەرهەمەکانییەوە. هاوکات بەشدارییکردووە لەدامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد و هەردوو کۆڕی زانیاری عێراق و کورد.

لەساڵی (1953ز) ئەندامی کۆڕی زانیاری عێراق بووە. لەساڵی (1972)ەوە جێگری سەرۆکی کۆڕی زانیاری کوردیش بووە. (خاڵ، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە 29، حوزەیرانی 2002، ل221)

لەکۆنفرانسی دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد دا، کە لەڕۆژی 3ی نیسانی ساڵی (1970ز) کە لەیانەی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغداد بەستراوە، پاکیزە ڕەفیق حیلمی بەپلەی یەکەم 25 دەنگ و سەرۆکی کۆڕەکە و، شێخ محەمەدی خاڵ بەپلەی سێیەم بە 21 دەنگ دەرچووە و بە جێگری سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە هەڵبژێردراوە . (دەفتەری کوردەواری، بەرگی دووەم، مارت-نیسانی 1970، بەغداد، ل155-156).

هەروەها لەکۆنفرانسی دامەزراندنی لقی سلێمانی یەکێتی نووسەرانی کورد دا، کە لەڕۆژی 1970/10/2 لەهۆڵی کتێبخانەی گشتیی شاری سلێمانی بەسەرپەرشتی (هەژار موکریانی، د.مارف خەزنەدار و د.عیزەدین مستەفا) ئەنجامدراوە. شێخ محەمەدی خاڵ بەسەرۆکی لقی سلێمانی، شاکر فەتاح جێگری سەرۆک و مستەفا ساڵەح کەریم بەسکرتێری لقەکە هەڵبژێردراون. (کەریم، 2012، ل25).

شێخ محەمەدی خاڵ پاش ئەو خزمەتە مەزنانە لە ڕۆژی 1989/7/15 لەتەمەنی 85 ساڵییدا لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە (الصویرکی، 2006، ێ648).

**دەروازەی دووەم/ بەرهەمەکانی شێخ محەمەدی خاڵ و ڕۆڵی لەبواری ڕووناکبیریی کوردیدا**

شێخ محەمەدی خاڵ هەر لەتافی لاوێتییەوە دەستی داوەتە نووسین و قەڵەم و، لەڕێگەی نووسینی کتێب و بەرهەمی بەپێز و هەمەجۆرە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی هەوڵیداوە خزمەتی بەردەوام بەزمان و فەرهەنگی کوردی بکات و ڕۆڵی هەبێت لەبواری هوشیارکردنەوەی تاکی کورد و پێشخستنی ڕووناکبیریی کوردیدا.

ناوبراو هاوکات لەگەڵ سەرقاڵی پیشەی مەلایەتی و قازیبوونی زیاتر لە (60) ساڵ خزمەتی بەردەوامی لەم بوارەدا کردووە بەدرووستی و وردی لەنێوان ساڵانی (1935-1989)دا.

لەمڕووەوە بەرهەمەکانی باشترین بەڵگەن لەسەر ڕۆڵ و توانا و خزمەتکردنی بەئایینی پیرۆزی ئیسلام و زمان و کلتووری نەتەوەکەی، ناوبراو لەبواری نووسیندا خاوەنی زمانێکی ئەدەبی پاراو و شێوازێکی سەرنجڕاکێش و تەکنیکێکی تایبەت بەنووسین بووە .

نووسین و بەرهەمەکانی شێخ محەمەدی خاڵ هەمەجۆرن لەبوارەکانی: تەفسیر و ڕاڤەی قورئان، زمان، مێژووی کەسێتی، فەرهەنگ و ڕۆشنبیری گشتییدان. ڕۆڵی پێشەنگ و داهێنەرانەی هەبووە.

لەبەرهەمەکانی شێخ محەمەدی خاڵ بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی ، کە لەماوەی ژیانی خۆی و دوای کۆچکردنیدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە کە سەرجەمیان (39) کتێبن. (33) کتێبیان بەزمانی کوردیین یەکێکیان وەرگێڕانە لەزمانی عەرەبییەوە. (6) کتێبیشیان دانراوی خۆین بەزمانی عەرەبی، لەوانە تاوەکو خۆی لەژیاندا بووە (32) بەرهەمی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، بەڵام (7) بەرهەمی تری دەستنووسیان لەدوای خۆی بەزمانی کوردی چاپکراون، کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

**یەکەم/ کتێبەکانی بەزمانی کوردی:**

1- تەفسیری جزمی عەممە 30، چاپخانەی ژین، سلێمانی، 1935.
2- تەفسیری خاڵ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئەسعەد، بەغداد، 1969.
3- تەفسیری خاڵ، بەرگی دووەم، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، 1972.
4- تەفسیری خاڵ، بەرگی سێیەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، 1979.
5- تەفسیری خاڵ، بەرگی چوارەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 1981.

sjh@univsul.edu.iq

6- تەفسیری خاڵ، بەرگی پێنجەم، چاپخانەی نەورەس، سلێمانی، 1984.
7- تەفسیری خاڵ، بەرگی شەشەم، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، 1986.
8- فەرهەنگی خاڵ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، 1960، 366 لاپەڕەیە.
9- فەرهەنگی خاڵ، بەرگی دووەم، 1964، 348 لاپەڕەیە.
10- فەرهەنگی خاڵ، بەرگی سێیەم، 1976، 496 لاپەڕەیە.
11- ناڵەی دەروون، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئیرشاد، بەغداد، 1984، 238 لاپەڕەیە.
12- ناڵەی دەروون، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئیرشاد، بەغداد، 1985، 220 لاپەڕەیە.
13- پەندی پێشینان، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد،1957، 1311 پەندە.
14- پەندی پێشینان، چاپی دووەم، سلێمانی، 1971، 3893 پەندە.
15- پەندی پێشینان، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2000، 4513 پەندە.
16- موفتی زەهاوی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، 1953،132 لاپەڕەیە.
17- سەیید جەمالوددینی ئەفغانی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، 1976.
18- باباتاهیری هەمەدانی مەشهور بە عوریان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، 1977، 35 لاپەڕەیە.
19- مەلا موحەممەدی خاکی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، 1978، 63 لاپەڕەیە.
20- پێشگر و پاشگر، 1974، 24 لاپەڕەیە.
21- ڕێزمانی کوردی، 1960، 135 لاپەڕەیە.
22- پەروەردەی ئایینی بۆ پۆلی شەشەمی زانینی و وێژەیی، وەزارەتی پەروەردە، بەغداد، 1975، 270 لاپەڕەیە.
23- ئایین و ڕەوشت و جوانکردن، 1949، 70 لاپەڕەیە.
24- مەولودنامەی نەوئەسەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژین، سلێمانی،1937، 43 لاپەڕەیە.
چاپی دووەم، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، 1972، 32 لاپەڕەیە.
25- فەلسەفەی ئایینی ئیسلام، 1938، 61 لاپەڕەیە.
26- دەستنوسی کۆن و تازە و هێندێ لەنامەکان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، 1968.

**دووەم/ کتێبەکانی بەزمانی عەرەبی:**

1- البيتوشي، مطبعة المعارف، بغداد، 1958، 300 صفحات.
2- الشيخ معروف النودهي البرزنجي، مطبعة محمد صالح الأعظمي، بغداد، 1961، 225 صفحات.
3- تأريخ الأمارة الأفراسيابية او حلقة مفقودة من تاريخ البصرة، 1961، 48 صفحات.
4-مقدمة فى المؤنثات السماعية،، بغداد،1967، 59 صفحات.
5- كنز اللسن، تأليف الشيخ احمد فائز البرزنجى، تحقيق والتعليق الشيخ محمد الخال ، مطبعة المجمع العلمى الكردى، بغداد، 1980، 21 صفحات.
6- مخطوطات مكتبة الشيخ محمد الخال في السليمانية، القسم الأول، مطبعة المجمع العلمي الكردي، بغداد، 1973.
7- مخطوطات مكتبه الشيخ محمد الخال في السليمانية، القسم الثانى، مطبعة المجمع العلمي الكردي، بغداد، 1974.
8- مخطوطات مكتبة الشيخ محمد الخال في السليمانية، القسم الثالث، مطبعة المجمع العلمي الكردي، بغداد، 1975.

- هەروەها ئەو کتێب و بەرهەمە دەستنووسانەی شێخ محەمەدی خاڵ کە لەدوای کۆچی چاپکراون بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

1- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، 1989.
2- تەفسیری خاڵ، جزمی 27 (زاریات)، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، 1990.
3- سۆزی مینبەر، کۆمپانیای چاپ و پەخشی نووسەر، پرۆژەی تیشک، سلێمانی، 1997، 70 لاپەڕەیە.
4- لەسەرگوزەشتەکانی ژیان.. ئەدەبی گاڵتەوگەپ، ڕووداوی مێژوویی، بیرەوەری، پرۆژەی تیشک، ژ.14، کۆمپانیای چاپ و پەخشی نووسەر، سلێمانی، 2007، 56 لاپەڕەیە.
5- بەدیعوولزەمان سەعیدی نورسی، نووسینی د.محەمەد سەعید ڕەمەزان بۆتانی، وەرگێرانی شێخ محەمەدی خاڵ، ئامادەکردنی م. فاروق ڕەسوڵ یەحیا، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر، 2008.

6- بەشێک لەژیانی حاجی شێخ ئەمینی خاڵ، نووسینی شێخ محەمەدی خاڵ، ئامادەکردنی پ.د. ئاراس محەمەد ساڵەح، سلێمانی، 2020.

7- ڕێڕەوی ژیانی شێخ محەمەدی خاڵ، نووسینی شێخ محەمەدی خاڵ، ئامادەکردنی پ.د. ئاراس محەمەد ساڵەح، چاپخانەی ڕێنوێن، سلێمانی، 2021. لەکۆبەرهەمی خاڵ، بەرگی 6، لە ل295-313دا بڵاوکراوەتەوە.

شایانی باسە بەم دواییانە ناوەندی هزری و ڕۆشنبیری خاڵ (کۆبەرهەمی شێخ محەمەدی خاڵ)ی لە (8) بەرگدا لە ساڵی 2021 لەشاری سلێمانی چاپ و بڵاوکردەوە.

## بەشی سێیەم/ ڕۆڵی شێخ محەمەدی خاڵ لەبواری ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا

### دەروازەی یەکەم/ دید و تێڕوانینی شێخ محەمەدی خاڵ بۆ بواری ڕۆژنامەنووسی و کارکردنی لەڕۆژنامەنووسیی کوردیدا

(شێخ محەمەدی خاڵ (1904-1989ز.) لەژێر کاریگەری و کارتێکردنی بیروبۆچوون و ڕێبازی (شێخ محەممەد عەبدە 1849-1905ز.)دا بووە، کە خاوەنی قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامییە لەڕێگەی دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەوە بەتایبەتی گۆڤاری (العروة الوثقى لەساڵی 1884ز. دەریکردووە) توانی دەنگی خۆی بگەیەنێتە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی و، هۆشیارییەکی ئیسلامی گەورەی خستە نێو نێوەندە ئایینییە تەقلیدییەکە و نێو زانایانی موسڵمانەوە. بەتایبەت لەشوێنێکی وەک قاهیرە و زانکۆی ئەزهەر کە سەدان زانای گەورە و هەزاران قوتابی لەهەموو وڵاتانی جیهانەوە ڕوویان لەو زانکۆیە دەکرد.

بێگومان بیری قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا گەیشتە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی و هەوادار و شوێنکەوتووی لە وڵاتە جیاوازەکاندا بۆ پەیدابوو، یەکێک لەو وڵات و هەرێمانەی ئەو ئاراستە فیکرییە ئیسلاحییەی پێدەگات، کوردستانە.

هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا (مەلای گەورەی کۆیە 1876-1943ز.) ڕەنگە یەکەم کەس بێت دەکەوێتە ژێر کاریگەری قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی و ڕەخنەی توند لەنێوەندە ئایینییە تەقلیدییەکە دەگرێت و بەگژ بیری دواکەوتو و خورافەدا دەچێتەوە و، داوای هۆشیارکردنەوەی زانایانی ئایینی و میللەتەکەی دەکات.

لەهەمانکاتدا داوای بیری نوێ و خوێندن و خوێندەوارییان لێدەکات و لەو پێناوەدا هەوڵی زۆر دەدات و هەموو قورئانی پیرۆز بەزمانی کوردی و لەسەر ڕێبازی قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی تەفسیر دەکات.

لەدوای مەلای گەورەی کۆیە، شێخ محەمەدی خاڵ وەک زانایەکی گەورە و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی لەشاری سلێمانییدا دەکەوێتە ژێرکاریگەری ئەو قوتابخانەیە، شێخی خاڵ خۆی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کاتێک ژمارەیەکی گۆڤاری (العروة الوثقى)ی دەستکەوتووە و خوێندوویەتییەوە لەجیهانێکەوە کەوتووەتە جیهانێکی دیکە و پەردە لەسەر چاو و دڵی لاچووە. هەروەها دەڵێ: "ئەو گۆڤارە سەدان کەسی لەخەوی بێئاگایی بێدارکردەوە، کە یەکیان خۆمم".

سەرەتا شێخ محەمەدی خاڵ لەگۆڤاری (گەلاوێژ)دا بیری ئیسلاحیی خۆی بڵاودەکاتەوە، هەر ژمارەو ئایەتێکی قورئانی پیرۆز تەفسیر دەکات و داوای ڕیفۆرمی ئایینی و کۆمەڵایەتی دەکات و باس لەکێشە و دەردەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دەکات، پاشان هەر لەژێر کاریگەری بیری (جەمالەددینی ئەفغانی 1838-1897ز.)دا کتێبی (فەرهەنگی خاڵ) دەنووسێت کە هەتا ئێستا باشترین فەرهەنگێکی کوردی- کوردیە، لەپاشان تەفسیری خاڵ بەپێی ڕێبازی قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی دەنووسێت و حەوت جوزئی قورئان تەفسیر دەکات و بەزمانی شیرینی کوردی بڵاویاندەکاتەوە). (ساڵەح، 2015، ل6_7)

بۆیە دەستپێکی کار و چالاکی ڕۆژنامەنووسیی شێخ محەمەدی خاڵ دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو کاتێک یەکەم وتاری لەڕۆژنامەی (ژین)دا بەدوو بەش بەناونیشانی (تەشەکوری مەعالی ئەمین زەکی بەگ) لەهەردوو ژمارە (571) لەڕۆژی 22ی حوزەیرانی 1939و، ژمارە (572)ی ڕۆژی 29ی حوزەیرانی 1939دا بڵاوکردۆتەوە . (خاڵ، ژین، ژمارە (571) ، 22ی حوزەیرانی ،1939، ل3). لەم وتارەیدا باسی گەورەی و خزمەتی مێژوونووسی کورد (ئەمین زەکی بەگ) لەبواری فەرهەنگ و مێژووی کوردیدا کردووە . دەستخۆشی و وەسفێکی جوانی ناوبراوی کردووە.

هەروەها یەکەم وتاری ئەدەبی لەگۆڤاری گەلاوێژدا لەمانگی کانوونی دووەمی ساڵی 1940دا بەناونیشانی (خۆشەویستی نیشتمان) بڵاوکردۆتەوە. (خاڵ، گەلاوێژ، ژمارە 2، کانوونی دووەم 1940، ل53_54) لەبەرگێکی ئەدەبی ڕازاوە و جوان و ناسکدا و، هەڵقوڵاو لە ناخ و هەستی ڕاستی بەرزی ئایینەوە باسی خۆشەویستی نیشتمانی کردووە.

sjh@univsul.edu.iq

شێخ محەمەدی خاڵ لەوتارێکیدا بەناوونیشانی (کەڵکی گۆڤار و ڕۆژنامە) لە (20) خاڵدا زەروورەتی گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەخات و لەدەسپێکی وتارەکەیدا نووسیویەتی: ( گۆڤار و ڕۆژنامە چاکترین شتێکن بۆ بێدارکردنەوەی کۆمەڵە، لەخەوی بێ هۆشی، وە بۆ هۆشیارکردنەوەی گەل بەدەردی نەخۆشی، وە باشترین مامۆستایەکن بۆ پێگەیاندنیان و سەرخستنیان بۆ سەر چڵەپۆپەی ژیان، وە نزیکترین ڕێگایەکن بۆ گەیشتنیان بە چاکە و خراپ، نەخوازەڵا کە ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەش لەلایەن چەند کەسێکی دڵسۆزی نیشتمانپەروەری، ژیری، خاوەن بری بەرزی، بەڕەوشت و خووی، جیهان دیدەی، پوختەی، قاڵی، دەرهاتووەوە چاودێری بکرێن و ڕێک بخرێن، وە بەپارەی ئەم و ئەو هەڵنەخەڵەتێن و پێویستانی ئایینی و نیشتمانی خۆیان نەفرۆشن، ئەگەر ڕاستت ئەوێ لەباسی کەڵک و قازانجی گۆڤار و ڕۆژنامەدا زمان لاڵ و قەڵەم کولە، نازانین چی بڵێین و چی بنووسین.... بەکورتی گۆڤار و ڕۆژنامە بۆ خۆشی و خۆشبەختی کۆمەڵە، دووربینێکی جیهان نما، وە وردیلەبینێکی دوورپەیما و ڕەهبەرێکی دڵپاک، و هاودەمێکی ئازا و بێباک، و پزیشکێکی چاک، و ئامۆژگارێکی دڵ ڕووناک، و مامۆستایەکی میهرەبان، و لەلەیەکی مەردووم پەروەران، ئێشکچییەکی بێدار، و چەرچییەکی هۆشیار و بێدارکەرەوەی نووستووانە...). (خاڵ، گەلاوێژ، ژمارە 1، ساڵ 7، کانوونی دووەمی 1946، ل3_9).

هەروەها لەوتارێکی تریدا بەناوونیشانی (ئادەمیی نالەبار) لەبارەی گۆڤار و ڕۆژنامەوە نووسیویەتی: (ئەگەر ئەوان هەزاران کتێب و نامیلکە و گۆڤار و ڕۆژنامە دەرکەن و هەزاران کفر و شتی بێ دینی بڵاوبکەنەوە قەیناکات، بەڵام کوردەکان نابێ گۆڤار و ڕۆژنامەیان ببێ بەزبانی خۆیان، وە نابێ لەدائرەیەکەوە بۆ دائرەیەکی تر کاغەزێک بەکوردی بنووسن، عەرەبەکان هەژدە حکومەتیان ببێ کە یەکێکیان کوێتە کە دانیشتووانی چواریەکی ملیۆنێکە، ئەوانە دەست لەبوونی خۆیان و لەدەوڵەتی خۆیان هەڵنەگرن، بەڵام کورد ئەبێ ببێ بە عەرەب و دەست لەخاک و نیشتمان و زبان و عەنعەناتی خۆی هەڵگرێ و لەناو عەرەبا بتوێتەوە). (خاڵ، 2021، ل346-347)

**دەروازەی دووەم/ وتارە ڕۆژنامەنووسییەکانی لەگۆڤار و بڵاوکراوەکاندا لەنێوان ساڵانی (1939- 1989ز.) دا**

هەروەک شێخ محەمەدی خاڵ بەپێنووسی خۆی لەیادداشتەکانیدا بەناوونیشانی (ڕێرەوی ژیانی شێخ محەمەدی خاڵ) دەڵێت :" لەساڵی (1970ز.) دا کرام بە جێگری سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد-عێراق. لەدوای هەڵوەشاندنەوەی کۆڕی زانیاری کورد. بوومەتەوە بەئەندامی کۆڕی زانیاری عێراق، هەتا ئێستا ئەندامم لەو کۆڕەدا. بەدرێژایی ماوەی فەرمانبەریم، کاری ڕەسمی خۆم لەکاتی دەوامدا کردووە، لەدەرەوەی کاری ڕەسمی بەردەوام خەریکی خوێندنەوە و نووسین بووم.

زۆر گوتار (وتار)ی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و مێژوویيم بەزمانی کوردی و عەرەبی نووسیووە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکاندا بڵاوکراونەتەوە، وەکو گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراقی، هەروەها گۆڤارەکانی گەلاوێژ، هیوا، ڕۆژی نوێ، بڵێسە، سلێمانی، بەیان ، ئاسۆی زانکۆیی، نەورۆز، پەروەردە و زانست. ڕۆژنامەی ژین، لەو گوتارانەی چارەسەری هەموو کێشە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکانم کردووە زۆر بەبوێری و ڕاشکاوی.

هەروەها چەند گوتارێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و زانستیم گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بڵاوکردۆتەوە(خاڵ، 2021، ل306).

sjh@univsul.edu.iq

شێخ محەمەدی خاڵ لەنێوان ساڵانی (1939- 1989ز)دا (66) وتاری لەگۆڤار و بڵاوکراوەکاندا بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە، کە بریتیین لەم وتارانە، کە بەم خشتەی لای خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:

**خشتەی (1)**

| ز. | ناوی وتار | ناوی گۆڤار یان ڕۆژنامە | ساڵی بڵاوکردنەوە | ژمارە | مێژوو | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | تەشەکوری مەعالی ئەمین زەکی بەگ<br>بەشی یەکەم<br>بەشی دووەم | ژین | سیانزدەیەم | 571<br>572 | 1939/6/22<br>1939/6/29 | ل3<br>ل2 |
| 2 | خۆشەویستی نیشتمان | گەلاوێژ | دووەم | 2 | کانوونی دووەم/ 1940 | ل54-53 |
| 3 | ئاگاداری زمان | گەلاوێژ | پێنجەم | 8 | ئاب / 1944 | ل30-27 |
| 4 | تەمەنی پان نەك تەمەنی درێژ | گەلاوێژ | پێنجەم | 10 | تشرینی دووەم/ 1944 | ل67-63 |
| 5 | شێخ عەبدوڵلای خەرپانی | گەلاوێژ | شەشەم | 2 | شوبات/ 1945 | ل19-15 |
| 6 | من و چەمچەماڵ | گەلاوێژ | شەشەم | 6 | حوزەیران/ 1945 | ل31-29 |
| 7 | کۆشی دایك/ بەشی یەکەم<br>کۆشی دایك/ بەشی دووەم<br>کۆشی دایك/ بەشی سێیەم | گەلاوێژ<br>گەلاوێژ<br>گەلاوێژ | شەشەم<br>شەشەم<br>شەشەم | 10<br>11<br>12 | تشرینی یەکەم/ 1945<br>تشرینی دووەم/ 1945<br>کانوونی یەکەم/ 1945 | ل58-54<br>ل50-46<br>ل27-19 |
| 8 | کەڵکی گۆڤار و ڕۆژنامە | گەلاوێژ | حەوتەم | 1 | کانوونی دووەم/ 1946 | ل9-3 |
| 9 | وەجاخ زادە | گەلاوێژ | حەوتەم | 4 | نیسان/ 1946 | ل53-49 |
| 10 | شیعر و شاعیر | گەلاوێژ | حەوتەم | 5 | مایس/1946 | ل49-44 |
| 11 | کۆچی دوایی مستەفا مەزهەر | گەلاوێژ | حەوتەم | 6 | حوزەیران/ 1946 | ل25-22 |
| 12 | نرخی دۆست | گەلاوێژ | حەوتەم | 9 | ئەیلول/ 1946 | ل54-50 |
| 13 | سەید جەمالوددین و موحەممەد عەبدە | گەلاوێژ | حەوتەم | 10 | تشرینی یەکەم/ 1946 | ل48-41 |
| 14 | ئاخ لەدەستی ڕۆژگار | گەلاوێژ | هەشتەم | 1 | کانوونی دووەم/ 1947 | ل9-3 |
| 15 | پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) | گەلاوێژ | هەشتەم | 2 | شوبات/ 1947 | ل7-1 |
| 16 | فەلسەفەی یەکێتی و کۆمەڵ | | هەشتەم | | | |

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەشی یەکەم<br>بەشی دووەم | گەلاوێژ<br>گەلاوێژ | | 7<br>8 | تەمموز / 1947<br>ئاب / 1947 | ل6-1<br>ل22-17 |
| 17 | زانین | گەلاوێژ | نۆیەم | 1 | کانوونی دووەم / 1948 | ل11-3 |
| 18 | شەبەندەرۆژ | گەلاوێژ | نۆیەم | 2 | شوبات / 1948 | ل18-15 |
| 19 | وەلامی ڕەخنەیەك | گەلاوێژ | نۆیەم | 3 | ئازار / 1948 | ل11-3 |
| 20 | ئارێکی کۆمەلایەتی<br>بەشی یەکەم<br>بەشی دووەم<br>بەشی سێیەم | گەلاوێژ<br>گەلاوێژ<br>گەلاوێژ | نۆیەم | 4<br>5<br>7 | نیسان / 1948<br>مایس / 1948<br>تەمموز / 1948 | ل16-14<br>ل11-8<br>ل5-1 |
| 21 | موفتی زەهاوی | گەلاوێژ | دەیەم | 8 | ئاب / 1949 | ل21-19 |
| 22 | وێژە<br>بەشی یەکەم<br>بەشی دووەم | هیوا | یەکەم | 7<br>8 | کانوونی دووەم / 1958<br>شوبات / 1958 | ل14-11<br>ل9-7 |
| 23 | بەهار | هیوا | یەکەم | 9 | ئازار / 1958 | ل24-22 |
| 24 | هیوا | هیوا | یەکەم | 10 | نیسان / 1958 | ل24-22 |
| 25 | کۆماریەتیەکەمان | نەورۆز | یەکەم | 1 | ئازار / 1959 | ل50-46 |
| 26 | هەستی ناتەواوی | بلێسە | یەکەم | 1 | ئاب / 1959 | ل62-59 |
| 27 | پێویستی وێژەر | بلێسە | یەکەم | 2 | ئەیلوول / 1959 | ل8-6 |
| 28 | بێخود | بلێسە | یەکەم | 4 | تشرینی دووەم / 1959 | ل19-17 |
| 29 | پیاو کامەیە و منالّ کامەیە؟ | بلێسە | یەکەم | 5 | کانوونی یەکەم / 1959 | ل6-3 |
| 30 | خۆشی بەڕاستی | بلێسە | دووەم | 7 | شوبات / 1960 | ل7-3 |
| 31 | ڕۆژی نوێ | ڕۆژی نوێ | یەکەم | 1 | نیسان / 1960 | ل12-11 |
| 32 | یەکێتی وێژەران | ڕۆژی نوێ | یەکەم | 2 | مایس / 1960 | ل43-41 |
| 33 | خۆشەویستی | ڕۆژی نوێ | یەکەم | 4 | تەمموز / 1960 | ل16-13 |
| 34 | مەشکەڕەش | ڕۆژی نوێ | یەکەم | 6 | ئەیلول / 1960 | ل17-15 |
| 35 | کوێرێکی شاعیری بەهرەمەند (مەلا حەمدون) بەشی یەکەم<br>بەشی دووەم | ڕۆژی نوێ | یەکەم | 7<br>8 | تشرینی یەکەم/1960<br>تشرینی دووەم / | ل21-17<br>ل21-18 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | 1960 | |
| 36 | شەوێکی بە ئێش و ئازار | ڕۆژی نوێ | یەکەم | 9 | کانوونی یەکەم/ 1960 | ل12-14 |
| 37 | قسەی بەرز لەوێژەی خۆ و بێگانەدا<br>بەشی یەکەم<br>بەشی دووەم | ڕۆژی نوێ | دووەم | 10<br>11 | کانوونی دووەم/ 1961<br>شوبات/ 1961 | ل25-29<br>ل9-13 |
| 38 | خۆ ئیخفالکردن | ڕۆژی نوێ | دووەم | 12 | ئازار/ 1961 | ل45-47 |
| 39 | سەرنج لەسەر سەرنج | ڕۆژی نوێ | دووەم | 1 | مارت/ 1961 | ل5-7 |
| 40 | بەهار | ڕۆژی نوێ | دووەم | 3 | حوزەیران/ 1961 | ل9-13 |
| 41 | دە ئەمۆژگاریەکە | ڕۆژی نوێ | دووەم | 5 | ئاب/ 1961 | ل9-11 |
| 42 | شێخ حسێنی قازی | سلێمانی | یەکەم | 3 | ئاب/ 1968 | ل13-16 |
| 43 | ماف و سنوور | سلێمانی | یەکەم | 6 | تشرینی دووەم/ 1968 | ل20-23 |
| 44 | زانستگا | سلێمانی | یەکەم | 7 | کانوونی یەکەم/ 1968 | ل28-31 |
| 45 | مولانا خالد النقشبندی<br>القسم الأول<br>القسم الثاني | سلێمانی | یەکەم | 8<br>9 | كانون الثاني/ 1969<br>شباط/ 1969 | ص41-49<br>ص57-59 |
| 46 | ئادەمی کەی ژیر دەبێ؟ | سلێمانی | دووەم | 4 | 1970 | ل3-9 |
| 47 | عرفان افندی | سلێمانی | یەکەم | 12 | تموز/ 1969 | ص52-56 |
| 48 | تأريخ الأمارة الافراسيابية او حلقة مفقودة من تأريخ البصرة | المجمع العلمي العراقي | - | المجلد الثامن | 1961 | ص172-217 |
| 49 | المؤنثات السماعية<br>القسم الأول<br>القسم الثاني | المجمع العلمي العراقي | - | المجلد 13<br>المجلد 14 | 1966<br>1967 | ص310-340<br>ص125-150 |
| 50 | مخطوطات مكتبة الشيخ محمد الخال<br>القسم الأول<br>القسم الثاني<br>القسم الثالث | کۆڕی زانیاری کورد | - | المجلد 1<br>المجلد 2<br>المجلد 3 | 1973 | ص625-698<br>ص60-108<br>ص662-704 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 51 | شێخ ڕەزای تاڵەبانی<br>بەشی یەکەم<br>بەشی دووەم<br>بەشی سێیەم | دەفتەری کوردەواری<br>دەفتەری کوردەواری | سالی یەکەم | بەرگ 1<br>بەرگ 2<br>بەرگ 3 | کانوونی دووەم/ 1970<br>مارت-نیسان/ 1970<br>مایس/ 1970 | ل17-12<br>ل86-83<br>ل115-111 |
| 52 | پێشگر و پاشگر | کۆڕی زانیاری کورد | - | بەرگ 1 | 1974 | ل276-256 |
| 53 | بابا تاهیری هەمەدانی | کۆڕی زانیاری کورد | - | بەرگ 5 | 1977 | ل36-3 |
| 54 | مەلا محەمەدی خاکی<br>بەشی یەکەم<br>بەشی دووەم | کۆڕی زانیاری عێراق | - | بەرگ 6<br>بەرگ 7 | 1980 | ل37-10<br>ل35-7 |
| 55 | شاعیرانی بێ ناونیشان (عارف سائیب، ڕەشیدی لاوە و بابا ڕەسوڵی مێری سوور) | کۆڕی زانیاری کورد | - | بەرگ 11 | 1984 | ل11-3 |
| 56 | سەیید جەمالوددینی ئەفغانی<br>بەشی یەکەم<br>بەشی دووەم | کۆڕی زانیاری کورد | - | بەرگ 1<br>بەرگ 4 | 1975<br>1976 | ل207-158<br>ل49-8 |
| 57 | دەستنووسی کۆن و تازەی هێندێ لەنامەخانەکان | کۆڕی زانیاری عێراق | - | بەرگ 15 | 1986 | ل16-3 |
| 58 | بەراوردێکی پەرەمێرد لەگەڵ شێخ ڕەزا لەویژەدا | کۆڕی زانیاری عێراق | - | بەرگ 16) و (17 | 1987 | ل8-3 |
| 59 | دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی | کۆڕی زانیاری عێراق | - | بەرگ 20 | 1989 | ل50-3 |
| 60 | پێکەنین | پەروەردە و زانست | دووەم | 5 | بەهاری 1973 | ل69-66 |
| 61 | پەروەردە | پەروەردە و زانست | چوارەم | 9 | بەهاری 1975 | ل5-3 |
| 62 | عەبدوڕەحمان بەگی بابان | بەیان | شەشەم | 18 | تشرینی یەکەمی 1974 | ل3-1 |
| 63 | وێژەی دوێنێ و ئەمڕۆ | بەیان | حەوتەم | 22 | شوباتی 1975 | ل2-1 |
| 64 | مەرد و نامەرد | ئاسۆی زانکۆی | یەکەم | 2 | حوزەیرانی 1977 | ل87-86 |
| 65 | وەفای سەگ و بێ وەفایی ئادەمی | ئاسۆی زانکۆی | یەکەم | 5 | ئەیلولی 1977 | ل91-90 |
| 66 | پێغەمبەر (درووەی خوای لێبێت) | ئاسۆی زانکۆی | یەکەم | 6 | تشرینی یەکەم 1977 | ل83-82 |

sjh@u

سەبارەت بەجۆر و ناوەرۆکی وتارە بڵاوکراوەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لەڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکاندا، کە ژمارەیان (66) وتاری هەمەجۆرە. بەم خشتەی لای خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:

**خشتەی (2)**

| ز. | جۆری وتار | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سیاسی | 6 | 9,09 | چوارەم |
| 2 | ئەدەبی | 30 | 45,45 | یەکەم |
| 3 | کۆمەڵایەتی | 4 | 6,06 | پێنجەم |
| 4 | مێژوویی | 3 | 4,54 | شەشەم |
| 5 | ژیانی کەسێتی | 13 | 19,69 | دووەم |
| 6 | پەروەردەیی | 7 | 10,60 | سێیەم |
| 7 | زمانەوانی | 2 | 3,03 | حەوتەم |
| 8 | ئایینی | 1 | 1,51 | هەشتەم |
| | سەرجەم | 66 | ٪100 | |

بەپێی ئەم خشتەیەی لای سەرەوە نزیکەی نیوەی وتارە بڵاوکراوەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لەگۆڤار و بڵاوکراوەکاندا وتاری ئەدەبین، کە ژمارەیان (30) وتارە بەڕێژەی (45،45%) و پلەی یەکەم دێت.

پاشان وتارەکانی تایبەت بەژیانی کەسێتییە ناودارەکان کە ژمارەیان (13) وتارە، بەڕێژەی (19،69%) و پلەی دووەم دێت. هەروەها وتاری پەروەردەیی، کە ژمارەیان (7) وتارە بەڕێژەی (10،60%) و پلەی سێیەم دێن. هەرچی جۆری وتاری سیاسییشە، کە ژمارەیان (6) وتارە. بەپلەی چوارەم و ڕێژەی (9،09%) دێت.
هەروەها وتاری کۆمەڵایەتی بەپلەی پێنجەم کە ژمارەیان (4) وتارە. بەڕێژەی (6،06%) دێت. دواتر وتاری مێژوویی بەپلەی شەشەم دێت، کە (3) وتارە. بەڕێژەی (4،54%) دێت.
پاشان وتاری زمانەوانی بەپلەی حەوتەم دێت، کە ژمارەیان (2) وتارە و، بەڕێژەی (3،03%) دێت. هەرچی وتاری ئایینیشە بەپلەی هەشتەم و کۆتایی دێت، کە تەنیا (1) وتارە و بەڕێژەی (1،51%) دێت.
هەروەها سەبارەت بەجۆری زمانی نووسینی وتارە بڵاوکراوەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لەڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکاندا، کە ژمارەیان (66) وتاری هەمەجۆرە. بەم خشتەی لای خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:

**خشتەی ژمارە (3)**

| ز. | جۆری زمان | دووبارە | ڕێژە | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کوردی | 61 | 92,42 | یەکەم |
| 2 | عەرەبی | 5 | 7,58 | دووەم |
| | سەرجەم | 66 | ٪100 | |

بەپێی خشتەی سەرەوە، دەردەکەوێت، زۆرینەی وتارە بڵاوکراوەکانی شێخ محەمەدی خاڵ کە لەڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکاندا لەنێوان ساڵانی (1939- 1989ز.) دا بڵاوی کردوونەتەوە بەپلەی یەکەم بەزمانی کوردی نووسیویێتی، کە ژمارەیان (61) وتارە لەکۆی (66) وتار بەڕێژەی (92،42%) دێن.
هەروەها وتارە نووسراوەکانی بەزمانی عەرەبی بەپلەی دووەم دێن، کە تەنیا (5) وتارن لەکۆی (66) وتار بەڕێژەی (7،58%) دێن.
لەمەوە دەردەکەوێت کە شێخ محەمەدی خاڵ زیاتر وتارەکانی بۆ خوێنەرانی کورد نووسیووە و، ئامانجی گەشەپێدان و پێشخستنی زمان و فەرهەنگ و ڕووناکبیری کوردی و هوشیارکردنەوە و ئاراستەکردنی تاکی کورد بووە لەڕووی ئەدەبی، نیشتمانپەروەری، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، مێژوویی و ئایینییەوە.
هەروەها لەبواری نووسینیشدا خاوەنی زمانێکی ئەدەبی پاراو و شێوازێکی سەرنجڕاکێش بووە.

**دەروازەی سێیەم/ ناساندنی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان لەنێوان ساڵانی (1939- 1989ز.) دا:**

**1- ڕۆژنامەی ژین:**

ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی کۆمەڵایەتی هەفتەیی کوردیی بووە. پیرەمێردی شاعیر لەشاری سلێمانی دەریکردووە. درێژەپێدەری ڕۆژنامەی (ژیان) بووە، کە هەر خۆی دەریکردووە. یەکەم ژمارەی کە دەکاتە زنجیرە ژمارە (554)ی دوای ڕۆژنامەی ژیان لەڕۆژی 22ی کانوونی دووەمی 1939دا دەرچووە. دوای ئەوەی ژمارە (1015)ی دەرکردووە سەرنووسەرەکەی کە (پیرەمێرد) بووە لەڕۆژی (1950/6/19ز.) لەسلێمانی کۆچی دوایی کردووە. لەژمارە (1016)ەوە لەهەمان ساڵدا لەلایەن (ئەحمەد زرنگ)ەوە دەرچووە و درێژە و بەردەوامی بەدەرچوونی ڕۆژنامەکە داوە.
ڕۆژنامەکە چەند جارێک دووچاری کێشەی داخستن بووە. بۆ نموونە لەدوای کودەتای سەربازی ڕۆژی (14ی تەممووزی 1958ز) و لەسەردەمی حوکمڕانی (عەبدولکەریم قاسم)دا بەفەرمانی دادگای باڵای سەربازی لەساڵی (1960ز)دا بۆ ماوەیەک داخراوە. پاشان لەڕۆژی (1960/12/8ز)دا جارێکی تر دەرچۆتەوە. هەتاوەکو کودەتای بەعسییەکان (حەرەس قەومییەکان) لەڕۆژی (8ی شوباتی 1963ز)دا بەردەوام بووە لەدەرچوون. دواتر لەلایەن ئەوانەوە بەفەرمانێک داخراوە.
دواژمارەی کە ژمارە (1714)یە ڕۆژێک پێش ئەو فەرمانە (واتە: لەڕۆژی 7ی شوباتی 1963ز.)دا دەرچووە. (محەمەد، 2018، ل62)

**2- گۆڤاری گەلاوێژ (1939-1949ز):**

گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بوو. بەزمانی کوردی لەبەغداد دەرچووە. سەرنووسەری (ئیبراهیم ئەحمەد) و بەڕێوەبەری نووسینی (عەلادین سەجادی) بوو.
یەکەم ژمارەی لەمانگی (کانوونی یەکەمی 1939ز.) دا دەرچووە. تەمەنی گۆڤارەکە (10) ساڵ بووە لەنێوان ساڵانی (1939-1949ز.)دا دەرچووە. سەرجەم (116) ژمارەی لە (99) بەرگدا لێدەرچووە. دوا ژمارەی (116)ی لەمانگی (ئابی 1949ز.)دا دەرچووە. (محەمەد، 2004، ل1)
زۆر لەنووسەران و مێژوونووسان و شاعیرانی کورد تێیدا نووسیویانە و وتار و بابەت و بەرهەمی خۆیان و وەرگێردراویان تێدا بڵاوکردۆتەوە لەوانە: (ئیبراهیم ئەحمەد، عەلادین سەجادی، ئەمین زەکی بەگ، تۆفیق وەهبی بەگ، پیرەمێرد، بێخود، زێوەر، بێکەس، گۆران، شێخ محەمەدی خاڵ، شاکر فەتاح، عەبدولواحد نوری و...هتد). (جەباری، 1970، ل90_91)

**3- گۆڤاری هیوا:**

هەروەک لەسەر بەرگەکەی نووسراوە: ( گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستییە. مانگی جارێک دەردەچێ). گۆڤارێکی کوردی بووە لەبەغدادی پایتەخت لەلایەن (یانەی سەرکەوتنی کوردان)ەوە دەرچووە. بەڕێوەبەری نووسینی (حافز مستەفا قازی) بووە. هەروەها ئەم گۆڤارە لەلایەن کۆمەڵێک لەڕۆشنبیران و خوێندەواران و خوێندکارانی کوردەوە لەزانکۆی بەغداد هاوکاری و سەرپەرشتی کراوە. (جەباری، 1970، ل99)

**4- گۆڤاری ڕۆژی نوێ:**

هەروەک لەسەر بەرگەکەی نووسراوە " گۆڤارێکی مانگانەی سیاسی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بووە. بەزمانی کوردی لەشاری سلێمانی دەرچووە.
هەروەها خاوەن و لێپرسراوی (جەمال شاڵی) و سەرنووسەری (کامەران موکری) بووە. دەستەی نووسەرانی (موحەڕەم محەمەد ئەمین، کەریم زەند و عەبدوڵڵا ڕەزا ئەژدەر) بوون". (شاڵی، 2000، ل74)، یەکەم ژمارەی لەمانگی نیسانی 1960ز. دا دەرچووە و، کۆتا ژمارەی ژمارە (18)یە، کە دەکاتە ژمارە (6)ی ساڵی (2) لەمانگی (ئەیلوولی 1961ز)دا دەرچووە (ساڵەح، 2010، ل6).

**5- گۆڤاری بڵێسە:**

هەروەک لەسەر بەرگی دەرەوەی نووسراوە: ( گۆڤارێکی ئەدەبی و زانیاری و کۆمەڵایەتی کوردی یە. مانگی جارێک دەرئەچێت لەلایەن نەقابەی مامۆستایانەوە لەسلێمانی).
ژمارە (1)ی ساڵی (1)ی لەمانگی (ئابی 1959ز.) دا دەرچووە، لەچاپخانەی ژین لەشاری سلێمانی چاپکراوە. سەرجەم 10 ژمارەی لێدەرچووە. هەتاوەکو مانگی مایسی 1960 بەردەوام بووە. (جەباری، 1970، ل108).

**6- گۆڤاری سلێمانی:**

( بڵاوکراوەی شارەوانی سلێمانی، مانگی جارێک دەرئەچێ). بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە. سەرنووسەری (جەمال بابان) سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بووە. دەستەی نووسەرانی (موحەڕەم محەمەد ئەمین، جەمال شاڵی، نوری وەشتی، محەمەد مستەفا کوردی و مەحمود زێوەر) بوون. (گۆڤاری سلێمانی، ژمارە (1)، ساڵی (2)، ئابی 1969، ل1-2)
سەرجەم (17) ژمارەی لێدەرچووە. یەکەم ژمارەی لەمانگی (تەمموزی 1968ز)دا دەرچووە. تاوەکو مانگی (تەمموزی 1969ز)، (12) ژمارە لێدەرچووە. ژمارە (1) ساڵی (2) لەمانگی ئابی 1969دا دەرچووە. ژمارە (5)ی لەساڵی دووەمی تەمەنییدا لەساڵی (1970ز)دا دەرچووە. (توێژەر، بەدواداچوونی ژمارەکانی، بنکەی ژین، سلێمانی ، ڕۆژی 2023/9/28)

**7- کۆڕی زانیاری کورد:**

گۆڤارێکی خولی ساڵانە بوو، بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەبەغداد دەرچووە. بەرگی یەکەمی لەساڵی (1973ز)دا دەرچووە. سەرنووسەری (د.ئیحسان شێرزاد) و بەڕێوەبەری نووسینی (د.کەمال مەزهەر) بوو (خەزنەدار، 1973، ل132).
ئەم گۆڤارە سەرەتا لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لەلایەن کۆڕی زانیاری کورد. پاشان لەساڵانی هەشتاکان و دواتردا لەلایەن کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد)ەوە بەهەر 3 زمانی (کوردی وعەرەبی و ئینگلیزی) بەشێوەی بەرگ دەرچووە. (زەنگەنە، 2010، ل-261260) دواژمارەی (31)ی لەساڵی (2006ز)دا دەرچووە. (توێژەر)

**8- پەروەردە و زانست:**

هەروەک لەسەر بەرگی دەرەوەی نووسراوە، بەم جۆرە گۆڤارەکە پێناسەکراوە: "گۆڤارێکی پەروەردەیی و زانستییە، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی کوردی بەسێ مانگ جارێ دەری دەکات". سەرنووسەری (شوکور مستەفا) بووە. لێژنەی گۆڤار: (عەبدوڵڵا شاڵی، عەبدوڕەزاق بیمار، نوری عەلی ئەمین و ئەبو زەید سندی). (خەزنەدار، 1973، ل115)

ژمارەی (1)ی ساڵی (1) لەنیوەی ساڵی 1971ز. دا دەرچووە. ژمارە (11)ی ساڵی پێنجەمی کە دواژمارەیەتی لە وەرزی (هاوینی 1976ز.)دا دەرچووە (جەباری، 1970، ل252).

**9- گۆڤاری دەفتەری کوردەواری:**

گۆڤارێکی ئەدەبی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی بووە. بەزمانی کوردی مانگانە لەبەغداد دەرچووە.

سەرجەم 3 بەرگی لێدەرچووە. بەرگی یەکەمی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 1970 دەرچووە. هەروەها بەرگی دووەمی مانگی مارت-نیسانی هەمان ساڵ و، دوا بەرگیشی ئەو ساڵە لەمانگی مایسدا دەرچووە.

سەرنووسەری (د.مارف خەزنەدار) و سکرتێری نووسینی (جەمال خەزنەدار) بووە. (حوسێن، 2010، ل9).

**10- گۆڤاری نەورۆز:**

لەسەر بەرگی گۆڤارەکە وا پێناس کراوە: "گۆڤارێکی ئەدەبی، زانیاری و کۆمەڵایەتی یە. مانگی جارێک لەسلێمانی دەرئەچێ، خاوەن و لێپرسراوی (کەمالی میرزا کەریم). ژمارەی یەکەمی لەمانگی (مارتی 1959ز) لەوەرزی نەورۆزدا دەرچووە. 3 ژمارەی بەشێوەی گۆڤار لێدەرچووە و، دواتر بۆتە ڕۆژنامە.

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی نەورۆز لەمانگی حوزەیرانی 1959 دا دەرچووە. بەشێوەی هەفتەنامە دەرچووە.

دوا ژمارەی کە ژمارە (19)یە لەمانگی مایسی 1960دا دەرچووە. (زەنگەنە، 2010، ل100)

**11- گۆڤاری بەیان:**

گۆڤارێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی بووە. سەرەتا ناوی (شەفەق) بووە (1958-1962ز.). ماوەی 4 ساڵ لە (15ی کانوونی دووەمی 1958- 15ی ئابی 1961ز) لەشاری کەرکوک و، پاشان لەشاری سلێمانی دەرچووە. سەرنووسەری (گۆرانی شاعیر) و، دواتر (حەمید عوسمان) بووە. لەدوای کودەتای حەرەس قەومییەکان لەڕۆژی (8ی شوباتی 1963ز)دا داخراوە. (زەنگەنە، 2010، ل106-107) .

پاشان لەدوای هاتنە سەر حوکمی ڕژێمی بەعس جارێکی تر گۆڤارێکی مانگانە بەزمانی کوردی لەبەغداد بەهەمان ناوی (بەیان)ەوە دەرچووە. لەبەرگی ناوەوەی گۆڤارەکە وا خۆی پێناسە کردووە:

" گۆڤارێکی وێژەیی و هونەری گشتییە لەلایەن وەزارەتی ڕاگەیاندنی عێراقەوە مانگی جارێک دەری ئەکات". "سەرنووسەری (د.ئەکرەم فازڵ و سکرتێری نووسینی مستەفا سەیید ئەحمەد (نەریمان) دواتر (جەلال کەریم)" بووە. "لەچاپخانەی (دار الحريە) چاپ ئەکرێت". (بەیان، ژمارە 1، تشرینی دووەمی 1969ز. و، ژمارە (22) شوباتی 1975ز، ل2).

ژمارەی یەکەمی لەمانگی (تشرینی دووەمی 1969ز.)دا دەرچووە. ژمارە (196)ی لەساڵی (2002ز.)دا دەرچووە. پاشان وەستاوە. (توێژەر)

**12- ئاسۆی زانکۆیی:**

هەروەک لەسەربەرگی ناوەوەی نووسراوە، بەم شێوەیە گۆڤارەکە پێناسەی خۆی کردووە:

(گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی یە. مەڵبەندی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیی زانکۆی سلێمانی دەری دەکا). بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە.

سەرنووسەر (د.هادی کازم عەوز. سکرتێری نووسین عەبد عەلی حەسەن خەفاف و، دواتر عەلی حسێن جابری بووە. دەستەی نووسەرانی د.محەمەد فازڵ قەفتان، د.کوردستان موکریانی، د.کامل حەسەن بەسیر، د.کامل عەبدولحەمید، سەبیح حەمود شاتی، کامەران موکری و سەباح میرزا ئەحمەد). (گۆڤاری ئاسۆی زانکۆیی، بەشی کوردی، ژمارە (5)، ساڵ (1)، ئەیلولی 1977، ل89)، لەنێوان ساڵانی (1977-1982ز) دەرچووە. ماوەی 6 ساڵ بەردەوام بووە. 31 ژمارەی لێدەرچووە.

ژمارە (1)ی لەمانگی (ئایاری 1977ز)دا و، دوا ژمارەی (31)ی لەساڵی (1982ز)دا دەرچووە. (توێژەر، بەدواداچوونی ژمارەکانی، کتێبخانەی بنکەی ژین، سلێمانی، ڕۆژی 2023/10/1.)

***دەرەنجام:**

1- شێخ محەمەدی خاڵ ڕۆڵ و پێگەیەکی گرنگی لەبواری ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنووسیی کوردی دا هەبووە، کە لەنێوان ساڵانی (1939- 1989ز.) ماوەی 50 ساڵی تەمەنی خۆی تەرخانکردووە بۆ نووسینی کتێب و بەرهەمە هەمەجۆرەکانی کە بەهەردوو

زمانی کوردی و عەرەبی چاپیکردوون. جگە لەنووسینی دەیان وتار و بابەتی ڕۆژنامەنووسی بەهەردوو زمانی ئاماژەپێکراو لەگۆڤارە کوردییەکاندا.

2- دەستپێکی کار و چالاکییە ڕۆژنامەنووسییەکانی شێخ محەمەدی خاڵ بۆ کۆتایی ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، کە یەکەم وتاری لەڕۆژنامەی (ژین)دا بەناوونیشانی (تەشەکوری مەعالی ئەمین زەکی بەگ) لەژمارە (571) لەڕۆژی 22ی حوزەیرانی 1939دا بڵاوکردۆتەوە. هەروەها یەکەم وتاری ئەدەبیشی لەگۆڤاری گەلاوێژدا لەساڵی 1940دا بەناوونیشانی (خۆشەویستی نیشتمان) بڵاوکردۆتەوە.

3- سەرجەم وتارە بڵاوکراوەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لەنێوان ساڵانی (1939- 1989ز.) لەڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکاندا (66) وتاری هەمەجۆرن. لەنێویاندا وتاری ئەدەبی بە پلەی یەکەم دێت، کە ژمارەیان (30) وتارە.

4- شێخ محەمەدی خاڵ زیاتر وتارەکانی بۆ خوێنەرانی کورد نووسیووە و، ئامانجی گەشەپێدان و پێشخستنی زمان و فەرهەنگ و ڕووناکبیری کوردی و هوشیارکردنەوە و ئاراستەکردنی تاکی کورد بووە لەڕووی ئەدەبی، نیشتمانپەروەری، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، مێژوویی و ئایینییەوە.

5- کتێب و بەرهەمەکانی شێخ محەمەدی خاڵ بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی ، کە لەماوەی ژیانی خۆی و دوای کۆچکردنیدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە سەرجەمیان بریتین لە (39) کتێب. لەوانە (33) کتێبیان بەزمانی کوردیین یەکیان وەرگێڕانە لەزمانی عەرەبییەوە. (6) کتێبیشیان دانراوی خۆین بەزمانی عەرەبی، لەوانە تاوەکو خۆی لەژیاندا بووە (32) بەرهەمی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، بەڵام (7) بەرهەمی تری دەستنووسیان لەدوای خۆی بەزمانی کوردی چاپکراون.

6- شێخ محەمەدی خاڵ لەگەڵ سەرقاڵی بەپیشەی مەلایەتی و قازیبوونی زیاتر لە (60) ساڵ لەنێوان ساڵانی (1935-1989)دا خزمەتێکی زۆری بەزمان و کلتووری نەتەوەکەی کردووە. لەبواری نووسینیشدا خاوەنی زمانێکی ئەدەبی پاراو و شێوازێکی سەرنجراکێش بووە. هاوکات بەشداری لەپێکهێنان و دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕێکخراوە مەدەنی و کلتوورییەکاندا بەتایبەت یەکێتی نووسەرانی کورد و کۆڕی زانیاری کورد دا لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا کردووە لەهەردووکیاندا ئەندامی کارا و بەرپرسی باڵا بووە.

- **سەرچاوەکان:**


**یەکەم/ توێژینەوە:**

1- عمر علی محمد بهاءالدين، الشيخ محمد الخال مفسرا، رساله ماجستير غير منشورة، كليه الشريعة و الدراسات الاسلامية/ قسم الدراسات الإسلامية، جامعةصلاح الدين، اربيل، 2002.

2- محەمەد دلێر ئەمین محەمەد، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لەگەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، ماستەرنامەی بڵاوکراوە، سلێمانی، (بەبێ ناوی چاپخانە)، 2004.

**دووەم/ کتێب:**

1- د.ئاراس محەممەد ساڵح، مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ لەکۆمەڵە دیدارێکی ڕۆژنامەنووسییدا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، 2015.

2- ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا ، لەبارەی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە، چاپخانەی خانی، دهۆک، 2008.

3- د.بەهادین ئەحمەد محەمەد، سەرەتایەک بۆ مێژووی ڕاگەیاندنی کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2018.

4- جەبار محەمەد جەباری، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی ژین، سلێمانی، 1970.

5- جەمال شاڵی، بەشێ لەبیرەوەری و یاداشتی ژیانم، سلێمانی، 2000.

6- جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، چاپخانەی دار الحريه للطباعه، بەغداد، 1973.

7- سدیق ساڵەح و ڕەفیق ساڵەح، ژمارە کۆکراوەکانی گۆڤاری ڕۆژی نوێ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2010.

8- شێخ محەمەدی خاڵ، لەسەرگوزەشتەکانی ژیان، چاپ و پەخشی نووسەر، سلێمانی، 2007.

9- شێخ محەمەدی خاڵ، ڕێرەوی ژیانی شێخ محەمەدی خاڵ، وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە د.ئاراس محەمەد ساڵەح، کۆبەرهەمی شێخ محەمەدی خاڵ، بەرگی 6، چاپخانەی ڕێنوێن، سلێمانی، 2021.

10- حوسەین سەیید ئەدهەم، کەسایەتیناسی.. شێخ موحەممەدی خاڵ، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، 2018.

11- عەبدوڵڵا زەنگەنە، سەرجەم بەرهەمە ڕۆژنامەنووسییەکانی شەهید جەبار جەباری، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، 2010.

12- مستەفا ساڵەح کەریم، یەکێتی نووسەرانی کورد..ڕێباز و هەڵوێست، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، 2012.

13- د.هیمدادی حوسێن، ڕۆژنامەوانیی کوردی..سەرجەم ژمارە کۆکراوەکانی گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، 2010.
14- د.محمد علي الصويركي، معجم اعلام الكرد، مطبعة مؤسسة حمدي للنشر والتوزيع، السليمانية، 2006.

**سێیەم/ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان:**

1- د.خالد محەمەد خاڵ، ژیاننامەی شێخ محەمەدی خاڵ و بیرەوەری، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە 29، حوزەیرانی 2002.
2- د.خالد محەمەد خاڵ، ژیاننامەی شێخ محەمەدی خاڵ و بیرەوەری، ڕۆڤار، ژمارە 29، 2004/4/25.
3- هەواڵی دامەزراندنی ئەکادیمیەی زانستیی کوردی (المجمع العلمی الكردی)، گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، بەرگی دووەم، مارت-نیسانی 1970، بەغداد.
4- شێخ محەمەدی خاڵ، تەشەکوری مەعالی ئەمین زەکی بەگ، بەشی یەکەم، ژمارە (571) ، ڕۆژی 22ی حوزەیرانی ،1939.
5- شێخ محەمەدی خاڵ، تەشەکوری مەعالی ئەمین زەکی بەگ، بەشی دووەم، ژمارە (572)ی ڕۆژی 29ی حوزەیرانی 1939.
6- شێخ محەمەدی خاڵ، خۆشەویستی نیشتمان، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە 2، ساڵی 1، کانوونی دووەم 1940.
7- شێخ محەمەدی خاڵ، ئاگاداری زمان، گۆڤاری گەلاوێژ، ساڵ 5، ژمارە 8، ئابی 1944.
8- شێخ محەمەدی خاڵ، کەڵکی گۆڤار و ڕۆژنامە، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە 1، ساڵی حەوتەم، کانوونی دووەمی 1946.
9- شێخ محەمەدی خاڵ، ئادەمیی نالەبار، کۆبەرهەمەکانی خاڵ، بەرگی 5، ناڵەی دەروون (1)، چاپخانەی ڕێنوێن، سلێمانی، 2021.
10- گۆڤاری بەیان، ژمارە 1، تشرینی دووەمی 1969ز.
11- گۆڤاری بەیان، ژمارە (22) شوباتی 1975ز.
12- گۆڤاری ئاسۆی زانکۆیی، ژمارە (1)، ئایاری 1977.
13- گۆڤاری ئاسۆی زانکۆیی، ژمارەی (31) ، ساڵی (1982ز.)
14- گۆڤاری پەروەردە و زانست، ژمارەی (1)ی ساڵی (1) ، 1971ز.
15- گۆڤاری پەروەردە و زانست، ژمارە (11)ی ساڵی (5) ، هاوینی 1976ز.
16- شێخ محەمەدی خاڵ، پێکەنین، گۆڤاری پەروەردە و زانست، ژمارە (5)، ساڵی (2) ، بەهاری 1973ز.
17- شێخ محەمەدی خاڵ، پەروەردە، گۆڤاری پەروەردە و زانست، ژمارە (9)، ساڵی (4) ، بەهاری 1973ز.
18- شێخ محەمەدی خاڵ، عەبدوڕەحمان بەگی بابان، گۆڤاری بەیان ، ژمارە (18)، ساڵی (6) ، تشرینی یەکەمی 1974ز.
19- شێخ محەمەدی خاڵ، وێژەی دوێنێ و ئەمڕۆ، گۆڤاری بەیان ، ژمارە (22)، ساڵی (7) ، شوباتی 1975ز.
20- شێخ محەمەدی خاڵ، مەرد و نامەرد، گۆڤاری ئاسۆی زانکۆیی، ژمارە (2)، ساڵ (1)، حوزەیرانی 1977.
21- شێخ محەمەدی خاڵ، وەفای سەگ و بێ وەفایی ئادەمی، گۆڤاری ئاسۆی زانکۆیی، ژمارە (5)، ساڵ (1)، ئەیلولی 1977.
22- شێخ محەمەدی خاڵ، پێغەمبەر (د.خ)، گۆڤاری ئاسۆی زانکۆیی، ژمارە (6)، ساڵ (1)، تشرینی یەکەمی 1977.
23- شێخ محەمەدی خاڵ، کۆماریەتیەکەمان، گۆڤاری نەورۆز، ژمارە (1)، ساڵ (1)، ئازاری 1959.

**دور الشيخ محمد الخال في مجال الثقافة والصحافة الكوردية (1939-1989)**

**ملخص البحث:**
مرت مسيرة الثقافة والصحافة الكوردية بكثير من المراحل والثغرات والنهوض منذ بداية ظهورها الى هذا العصر. فهناك الكثير من علماء الدين الإسلامي وكذلك الكتاب والمثقفين الكورد البارزين الذين لعبوا دورهم الهام والمحوري في نهوض وتطوير الثقافة والصحافة الكوردية، وبذلوا جهودهم في تلك المجال مثل الشيخ محمد الخال الذي لعب دور كبير والريادي. وتفرغ خمسون سنوات من عمره في تلك المجال ونشر العشرات من الكتب المتنوعة باللغتي الكوردية والعربية .بالإضافة الى نشر العشرات من المقالات الأدبية والصحفية في الصحف والمجلات الكوردية منذ سنوات الأربعينات الى حد وفاته عام 1989.
هذا البحث الذي بين ايديكم عبارة عن بحث وصفي يتحدث عن دور شخصية كوردية كبيرة، ومثقف كوردي في مجال الثقافة والصحافة الكوردية، الا وهو العالم الديني الكبير والكاتب الشهير والصحفي البارز الشيخ محمد الخال .
تكمن اهمية البحث في دراسة موضوع دور الشيخ محمد الخال في مجال الثقافة والصحافة الكوردية بشكل اكاديمي وعلمي.
والهدف من اجراء هذا البحث هو المحاولة لتحديد دور الشخصية المذكورة في الصحافة الكوردية بين اعوام (1939-1989). مع الإشارة الى اهم نتاجاته ومؤلفاته العلمية والصحفية في تلك الفترة الزمنية.
المنهج المستخدم في هذا البحث هو المنهج الوصفي والتاريخي.

**الكلمات المفتاحية:** دور، الشيخ محمد الخال، الثقافة ، الصحافة الكوردية.

**The role of a Sheikh Mohammad Khal in cultural & Kurdish Journalism (1939-1989)**

**Abstract:**
Kurdish cultural & media journal since the beginning and until modern century
Have gone throng many ups and downs. For this cause many writers and cultured Kurds, especially teachers and religious scholars ،raised of mosques and religious schools back them and now as well their impact in developing this field. One of those scholar ،religious figure, writer and cultural figure in the last century was Sheikh Mohammad Khal (1904-1989).
This research shows the role and attempts of Sheikh in cultural & Kurdish Journalism fields since (1939-1989) for this purpose he spent nearly (50) years of his life to write books in different categories in both Kurdish and Arabic apart from writing tenth of articles and journalism objects in both mentioned languages in Kurdish Magazines
The importance of the research is that ،it shows Sheikh Mohammad`s cultural and Journalism role between since (1939-1989) and though this aim of the research trying to identify his role in both fields in that time .The used method to do the research is the descriptive and historical method.
**Key Words:** role, Sheikh Mohammad Khal, Cultural, Kurdish Journalism.

sjh@univsul.edu.iq